
شیعر




سەباح رەنجدەر

# تیشکە پڕەکان

١

سەرەتا زەمین چاوێکی گەورەی هەبوو
خۆشبەختە کەسی نەبینی و کەسیش نابینێت
تا لە ناو هەناوی خۆیەوە نەبن
ئەرێ زەمین لە پای چیدا دەمانکوژێت
ئەو وەستایەی زۆربەی خانووی گەڕەکەکانی شاری
دروست کردووە
راوەستاوە و چاوی بە چاوی گا
دەگێڕێت و بیر دەکاتەوە
لە شڵەژانێکدا حیکمەتێکی درکاند
جانەوەران بێدەنگ بن
تارماییەک خەریکە دەبێتە مرۆڤ
ئارەقەی دڵ و گیانی دڵشکاوان دەسڕێ
نیشانە ونبووەکان دەدۆزێتەوە و دەڵێن
گریان قەت بە پێکەنین نابێت




وەستا گرەوی لە چاوی گا بردەوە
گەڕەكێكی تری لە چاوی شەودا
لە شێوەی دڵ بە رووناكی ئافراند
قەدەغەیە تارمایی پێی بنێتە ناوی
حەكایەتی دروستبوون دەگۆڕی

٢


تێكۆشام بۆ ئەوەی بیزانم
بێ سوود بوو
ناچار پرسیم
ئەرێ ئەی رەقیب كورد ماوە یان نەماوە
ئەوەی لە بزەی مۆنالیزا بزرمان كرد
لە دڵ و گیانی گەرمی
گۆرانیی لۆركێ و لۆركێدا نایدۆزینەوە
مشاری كارەبا
نەیتوانی مێشوولەی گەری شەق بكات

٣




زیاتر لە هێزی خۆم
بە رێگایەوە بووم و پشووم دا و بەرێ كەوتمەوە
رێگایەكم سەرچاوەی
لە نێوان لێوەكانییەوە پاراستووە
لە بیرە خۆیمان ناباتەوە
هەمیشە دەمانهێنێتەوە بەرچاو
دەستبڕ و دەعبا هیچیان
لە سەرچاوەی یەكەم پێ ناخوێندرێتەوە
لەبەر جۆرێكی تری خوێندنەوە
دەفتەری زێرینم لەسەر مێزیان دانا
پەنجەمۆری سەرچاوەم

له ناو چەوانم دا
پێویستیم بە هەوای کەروێشکەی
گەنم و جۆ هەیە
بە بێ هەوا
ژیان بەهرەیەکی کاریگەری تێدا نامێنێتەوە
دەبێ ناوچەوانی ماچ بکەم
گوڵەگەنم و جۆی لاواندووەتەوە





٤

لە بەرزاییی گوندەکانەوە
دارستانی گەورە و بێ ئاخاوتن
فریشتەی مێ
موتوربە و جۆگەیان پاک دەکاتەوە
چاو پڕ دەبێت و دەڕژێتە سەر
کتێبی پەیامبەرە ماندووەکان
چاو داخستنێکی دوور و درێژ و هەست راگرتن
دڵی پڕ لە رووناکیم تواندمیەوە
دڵ پیرۆزبایی لە هەموو تەماشاکردنێک دەکەم
دەتوانم ئەو شتانە ببینم خودا بژاری کردوون
مانگ هەڵات و تریفە ئاخی هەڵکێشا
رووخسارەکان تین و شەوقیان لە چاوم دا و کوێر بووم
بە تەنیا لەگەڵ دلۆڤانی دڵ مامەوە
تەنیا لەگەڵ دڵ مانەوە
هەیوانی ماڵت پڕ دەکات
لە بۆنی شکۆ و دڵنیایی متفەڕک

٥

گوڵ خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی
با خۆڵ نەکاتە چاوی

باڵندە خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی
دەوری هێلانەی بە بەردی بە نرخ و ئەفسانە بچنێت
کاتژمێر خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی
دەستی لەسەر دڵیەتی بۆ ئەوەی درۆزن دەرنەچێ
قاوەچی خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی
لێوی پیاڵەی بەرەو ناسکی و نەرمی ببا
کەروێشک خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی
نازی گیانی تەڕ و نازی
ددان هاتنی بێچووەکانی بەراورد دەکات
کۆمەڵێک ژن و پیاو بە شەقامدا غار دەدەن
سەکۆی باخچەش جانتای دەستی لەسەر جێماوە
بێدەنگی ئەم دەوروبەرەی سووتاند
ئێرە دەڵێی شەوە
ئاگر جوان لە ناوی دیارە و کوڵمی سوور کردووە



٦

دووپشکێک لە بورج و قەڵای
شارێکی خۆش باوەڕدا خۆی مات داوە
هەوڵی ژیان خۆشکردنی خۆی دەدا
دووپشکم وەک گۆرییەکی دڕاو
مردار بووەوە
مرداربوون لە ڕۆژی پشوودا
هەتاو ڕەگوڕیشەی درەخت دەلاوێنێتەوە
لەگەڵی بەڕێ دەکەوین و دەگەین بە ڕەگوڕیشە
ناو لەو بورج و قەڵایە دەنێین کێلگەی خۆخ
کە رووخساری نواڵە
لە ناوی بۆنی بەهاراتی ماڵە
ماڵێک کە باڵندەیەک تازە لە کۆچی سوور گەڕاوەتەوە
لە سندووقێکی کۆندا کلیلی بۆ هەڵبژاردووە

بە دەنووکی گرتوویەتی
چاوەڕوانە لێی وەربگرم

٧

مرۆڤ رووەکێکی هەستیارە
خۆر بە تەواوی لێی نەدا
لە ناوەوەرا خاو دەبێتەوە و بە لادا دێت
ناوێرێت لەسەر قەرەوێڵەدا بنووێ
چونکە هەموو مردووەکانی نەخۆشخانە
لەسەر قەرەوێڵەدا مردوون
چاوی هەست و جوانی پڕە لە رووەکی هەستیار
وەشاندنی باڵی باڵندە
هێزی هەستیاری دەخاتە پێشبڕکێوە
لە سەرکەوتنی پێشبڕکێدا
دڵ دەچێتە ناو ئەو خۆرەی
بە تەواوی لە مرۆڤ دەدات




٨

گوێیەکانت چارەنووسی منن
ئەگەر بە کێش و سەرواوە
لە ئاست رازمدا کراوە بن
وەک کەسیش بزر مەبە
گوێ لە خۆیدا باخچە و ماڵێکی پاراوە و خانەدانە
زەوی ناخۆش و ترسێنەرە
باران دەگەڕێتەوە شوێنی هەوەڵی
هێز دەدات بە جۆگەلەیەکی خوڕ
کەروێشکیش گوێیەکانی دا دەست خودا
وا خەریکە قۆرتێکی بچووکی خوێن دروست دەبێت